# چەمکی شیعر لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا

**لوقمان ڕەئوف عەلی**

بەشی کارگێڕی کار، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر چەمکی شیعر دەکات، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی باس لە چەمک و پێناسەی شیعر بەپێی قۆناغە جیاوازەکان کراوە، بەڵام بەشێوەی تایبەتی کار لەسەر چەمکی شیعر و ناساندنی لای شێرکۆ بێکەس کراوە، ئەم ناساندنەش بەپلەی یەکەم ئەو دەقە شیعریانەی، کە باس لە چەمک و ناساندنی شیعر دەکەن لە کۆی دیوانەکانی شاعیردا کراونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، لەپێناو خستنەڕوی بۆچون و پێناسەی شیعر لەڕوانگەی شاعیرەوە، لەگەڵ هێنانەوەی بۆچونی شاعیر لەسەر شیعر لەو دیالۆگانەی کە لەگەڵیدا کراون، وەک بەڵگەو پاڵپشتی لێکدانەوەکان، دواتر بەراوردکردنیان، بەمەبەستی یەکگرتنەوە، یان بونی جیاوازی لەبۆچونەکانیدا.

**کلیلیە وشەکان**: شیعر، شاعیر،ماناو دەلالەت، مەبەست.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper13

**Received:** 05-Sep-2022

**Accepted:** 18-10-2022

**Published:** 29-Dec-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

Luqman.ali@kti.edu.krd

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

پرسیارکردن لەوەی شیعر چییە، لەیەککاتدا پرسیارێکی ئاسان و لەهەمانکاتدا ئاڵۆزیشە، چونکە ناساندنی وەک دەقێکی خاوەن کێش و مانا ئاسانە، لەهەمانکاتدا ئەم ناساندنەش بریتییە لەخودی شیعر بەتەواوی، چونکە شیعر ئەم سنورانەشی بڕیوە، بەوپێیەی دەشێ وێنەیەکی دەربڕینەکانی بێت، دەشێ جوانی بێت، دەشێ هەست و نەستی مرۆڤەکان بێت،.....هتد، لەبەرامبەریشدا ناساندنەکەی ئاڵۆزە، چونکە بریتییە لە ناسینی نەستە قوڵەکانی شاعیرو لەسەر لێکۆڵەرە ئەم نەستە قوڵەی شاعیر بخوێنێتەوە، ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زیرەکانەیە.

کەواتە ناسینی شیعر بەگشتی و دیاریکردنی ئەم چەمکی ناساندنەش بەپێی هەر شاعیرێک، پێویستی بە ناسینی توانست و کارلێکی شاعیر لەگەڵ شیعر و ڕەنگدانەوەی لەناو دەقەکاندا هەیە، چونکە زۆربەی کاتەکان شاعیر زۆر لەلایەنە شاراوەکانی دەروون و بیرکردنەوەو......تاد خۆی لەناو هەناوی شیعردا هەڵدەگرێت، بەڵام بەپێی ئەو فەلسەفەیەی کە شیعری پێدەناسێنێت، واتە شیعر لای شاعیر چییە، چ ئەرک و بەرپرسیاریەتی پێبەخشیوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت لەڕێگەی شیعرەکانی شاعیرەوە، شوناس و چەمکی شیعریی لای شاعیر بخاتەڕو، لەگەڵ ئەو کارنامانەی کە شاعیر مەبەستی بوە بە شیعری ببەخشێت، چونکە لە بنچینەشدا بریتییە لە بڕوا و متمانەی خودی شاعیر بە شیعر، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو وتانەی شاعیر کە لە دیالۆگەکاندا سەبارەت بە شیعر خستونیەتەڕو، بونەتە بەڵگەی پشتڕاستکردنەوەی لێکدانەوکان و هەوڵێکی تری ناسینی چەمکی شیعر لای شاعیر.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دو بەش، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی شیعرو گەشەکردنی چەمکی شیعر و چەمکی شیعر لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا کراوە.

بەشی دوەم تایبەتکراوە بە شوناسی شیعر لە ڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە، بەوەی شیعر لای شاعیر بریتییە لە (پرسیار، خوێندنەوەی شتە نادیارەکان، عیشق و خەون و خەیاڵ، زمان، ڕوداو، سەنعەت و بەهرەو سەلیقە، ئازادی و یاخیبون).

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

1.دیاریکردنی چەمکی شیعر لەڕوانگەی فەیلەسوفان و ڕەوانبێژەکانەوە.

2.دەرخستنی ڕوانینە جیاوازەکان لەسەر چەمکی شیعر.

3.ناساندنی چەمکی شیعر لای شاعیرو ڕەنگدانەوەی بەپێی چەمک و وشەکەی لەدەقەکاندا.

4.دیاریکردنی میکانیزمەکانی پێبەخشینی مانا و چەمک بە شیعر لای شاعیر.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

بەو پێیەی کار لەسەر لێکدانەوەو شیکارکردنی دەقە شیعرییەکانی شاعیر دەکەین، لەپێناو ناساندنی شیعر لای شاعیر و خستنەڕوی ئاماری بەکارهێنانی وشەکانی (شیعر، هۆنراوە، هەڵبەست، قەسیدە)، بۆیە میتۆدی شیکاری و ئاماری بەکارهێنراون.

## ١-چەمک و پێناسەی شیعر

بێگومان هەمو سەردەمێک، چەمکی تایبەت بەخۆی دەداتە شیعر، ئەم جیاوازی ڕوانینەش، بەهۆی ناسین و سەیرکردن و فۆکەس خستنەسەر ڕێباز و قوتابخانە شیعریەکەیە، هەر لەبەرئەمەشە چەمک و پێناسەی شیعر قسەو باسی زۆر لەسەر کراوە.


لەزمانی کوردی دا وشەکانی (شیعر، هۆنراوە، هەڵبەست، قەسیدە) بەکارهاتون، بەڵام بەزۆری و وەک ئەرک پێبەخشین، وشەی شیعر بەکاردێت، وشەی (شیعر) هەڵێنجراوی وشەی (شعور)ی عەرەبیە، و لێرەوە ماناکانی لێهەڵێنجراوە، وشەی (هۆنراوە)ش وشەیەکی کوردییەو بەمانای هۆنینەوەی وشەکان دێت، وشەی هەڵبەستیش بەهەمان شێوە هاوواتای وشەی هۆنراوەیە و بەواتای هەڵبەستنی وشەکان دێت، وشەی قەسیدەش بەهەمان شێوە وەرگیراوی وشەی (قصیدە)ی عەرەبییە.

ئەفلاتون لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: "هونەری شیعری کارێکی داهێنراو و خوڵقێنەر نییە، بەڵکو سەرئەنجامی لاساییکردنەوەی سروشت و جیهانی هەستپێکراوە"(ڕەئوف،٢٠١٥: ٦٢)، کەواتە شیعر بەرهەمی خودی شاعیر نییە وەک خاوەن ماف، هەر لەبەرئەمەشە ڕەخنەگران پێیانوایە ئەفلاتون هەمو شاعیران و هونەرمەندانی لە کۆمار دەرکردوە، چونکە شیعر لە هەمو ڕاستییەکەوە دورە و بەرهەمەی بەشی خوارەوەی دەرونە، جگەلەمەش ئەفلاتون پێیوایە "شیعر زانست نییە، چونکە ناتوانرێت نە بەفێربون بەدەستبێت و نە ئەوانی تر فێربکرێن، چونکە ئیلهام یەکێکە لە نهێنی خوداکان" (ڕەئوف،٢٠١٥: ٧٤)، هەربۆیە "ئەفلاتون پێیوایە شیعر ئیلهامە، شاعیر لە عەقڵەوە بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو سەرچاوەکەی خواوەندی پەتییە، فەیلەسوف لەپلەی یەکەمدایە و شاعیر لەگەڵ هونەرمەندان لە پلەی شەشەمدان" (هلال،١٩٩٧: ٢٨)، هەر لەبەرئەمەشە ئەفلاتون تەنها ڕێ بە هۆنراوەی ئاینی دەدات و جۆرەکانی تری هۆنراوە ڕەتدەکاتەوە، چونکە لەکاتی شەڕکردن و بەگژیەکترچوندا، لایەنی خەوشی خواوەندەکان دەخەنەڕو، لەم بوارەدا بەلای ئەفلاتونەوە هۆنراوە تۆماری خەوشەکانی خواوەندەکانە، هەرچەندە دەبێ هۆنراوە وێنەی کردەوە چاکەکانی خاوەندەکان بخاتەڕو، هەروەها دەبێ هۆنراوە وێنەی پاڵەوانەکان بە جوانترو باشتر بەر جەستە بکات، لەچاو وێنەی کەسانی تری نێو کۆمەڵگە.

ئەفلاتون دەڵێت" ئەو خەڵکە دەسخەڕۆکراونو بە جادوگەری هونەر چاوبەستکراون، چونکە هەموان دەزانن هۆمیرۆس بە هۆنراوەکانی هیچ سودێکی هەستپێکراوی بەو خەڵکە نەگەیاندوەو لەقسەی ڕازاوە بەلاوە، هیچ ئاکامێکی نەبوە" (ڕەئوف،٢٠١٥ : ٨٢)، کەواتە سەرچاوەی شیعر لای ئەفلاتون، سەرچاوەیەکی دەرەکییە، نەک ناوخۆیی.

هەرچی ئەرستۆی فێرخوازی ئەفلاتونە، جیاواز لە مامۆستاکەی بیر لە ناسینی شیعر دەکاتەوە، چونکە لەڕوانگەی پراکتیکییەوە لێیدەڕوانێت، دەڵێت "شیعر بەرهەمی چالاکی بیری مرۆڤە، کارێکە خاوەن بوون و ماهیەتی مرۆڤە، بەڵام دەبێت لە ژێر ئەزموون و لێکۆڵینەوەدا بێت، لە ڕاستیدا مەبەستی شیعر سنوردارکردنی نییە لە سودی ئاکاریدا، بەڵکو مەبەستی پەسەندکردنە و کارنامەی تراژیدیایەتی، کە هەست و سۆزی مرۆڤ پاکدەکاتەوە، هەر لێرەوە ئەرستۆ دەیەوێت وەڵامی ئەفلاتون بداتەوە، کە دەبێت بەهای ئاکاری شیعر لە بەهای جوانی ئیستاتیکی جیابکاتەوەو لە ڕێگەی ئیستاتیکاوە لە شیعر بکۆڵرێتەوە"(ڕەئوف،٢٠١٥: ٩٥)، هەربۆیە هونەری شیعر وەڵامدانەوەی کارەکی ئەرستۆ بو بۆ بۆچونەکانی ئەفلاتون لەبارەی شیعرەوە، بەڵام ئەگەر ئەم هەنگاوەی بۆ ئەمەش بێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەرستۆ هەوڵێکی باشی داوە و شێوازو گوزارشتی خۆی بەکارهێناوە، کەواتە ئەرستۆ پێیوایە شیعر لەپێناو دو شتی سروشتیدا گەشەیکردوە "یەکەم:

لاساییکردنەوە غەریزەیەکە لەمرۆڤداو هەر لە منداڵییەوە سەرهەڵدادات، دوەم: لاساییکردنەوە زانیاری بەدەستدەهێنێت، هەروەها خەڵکی چێژ لە لاساییکردنەوە دەبینن"(ارستو، ۲۰۱۳: ۱۲)




کەواتە ئەرستۆ شیعر وەک ئیلهامی غەیبی سەیرناکات، بەڵکو لەڕوانگەی ئەزموونییەوە سەیریدەکات، واتە لەڕێگەی شیکارو لێکدانەوەوە شیعر هەڵدەسەنگێنێت، بۆیە لاساییکردنەوە، لاسایکردنەوەی کارەکانی خەڵکییە لەنێوان چاکە و خراپەدا، بۆیە لەڕێگەی لاساییکردنەوەوە هەڵیدەسەنگێنێت، نەک کێشەوە، کەواتە لاسایکردنەوەکە چەندێک بەسودە، ئەوەندەش بەبەهایە.

هۆراس دەڵێت "شیعر چالاکی مرۆیی گرنگەو مومارەسەکردنیشی وا لە مرۆڤ دەکات، هەست بە شەرم نەکات، بەڵکو هەست بە فەخر بکات"(ڕەئوف،۲۰۱۵: ۱۵۰)، کوێنتیلین لەگەڵ هۆراس هاوڕایە کە "شیعر بەشدارییکات لە خۆشی دەروندا، هەروەها دەڵێت"شیعر لانکەی ڕەوانبێژییە"(ڕەئوف،۲۰۱۵: ۱٦٦)

کەواتە ڕێکخستنی بەش و ڕیتم و برگەکانی شیعرەکە، یەکێکن لە بنەماو بەهێزی شیعر، کەسایەتی شاعیریش لەئەنجامی سەرکەوتنی لەم هەنگاوەدا گرنگی و پێگەی خۆی هەبو، چونکە لەڕێگەی دواندن و جووڵەو..........تاد دەیتوانی لەڕوی هەست و نەستەوە دەست بەسەرگوێگردا بگرێت.

ئیبن خلدون لە پێشەکیەکەیدا شیعری پەیوەستکردوە بە گۆرانییەوە و دەڵێت" گۆرانی لە قۆناغی سەرەتایدا، بەشێک بو لەهونەر، چونکە سەر بە شیعر بوە"(ابن خلدون،د.ت:٤٨٨)، هەرچی (فارابی)ە دەڵێت" وتە شیعرییەکان، یان هەمەجۆرن لەکێشدا، یان هەمەجۆرن لەماناد‌ا" (فارابی(د.ت) :۱٥۱)، ئیبن سیناش دەڵێت "شیعر وتەی خەیاڵییە و لە وتەی کێشدار و یەکسان دروستبووە"(ابن سینا،۱۹۸۰: ۱٦۱)

کەواتە مەسەلەی وێناکردن و کێش، کرۆکی کاری شیعرین، لای فارابی، شیعر دو ئەرکی هەیە چێژ و سود، بەڵام لای ئیبن سینا تەنها بۆ سەرسامییە"(ابن سینا،۱۹۸۰: ۱٦۲)، بەڵام شیعری عەرەبی بەگشتی یان بۆ کاریگەری دروستکردنە لەسەر دەرون، یان چێژە"(ابن سینا،۱۹۸۰: ۱۷۰)

ئیبن طبا طبا دەڵێ" شیعر قسەی ڕێکخراوی کێشدارە"(العلوی،۱۹۸۲: ٤۱) بەمەش کێش بنچینەی شیعرەوە و گرنگی بە لاسایکردنەوە نادات، هەروەها قدامەی کوڕی جەعفەر دەڵێت "شیعر وشەی کێش و قافیەدارەو دەلالەت لە مانایەک دەکات"(بن جعفر، قدامە، ۱۹٦٥: ۲) هەروەها دەڵێت "شیعر کەرەستەی هەیە، پێویستی بە کۆکردنەوەی ئەم کەرەستانەی وەک عەقڵ هەیە، لەپێناو دەرخستنی جوانییەکان و دورکەوتنەوە لە ناشیرینی و دانانی شتەکان و کەرەستەکان لە شوێنی خۆیاندا" (السامرائی. د.ابراهیم، ۲۰۰۲ : ۲۱).

ئیبن ڕشیق قیروانی دەڵێت "سنوری شیعر بریتییە لە دەربڕین و کێش و قافیەو مانا"(العمده، ١٩٦٣: ١١٩)، احمد شایب دەڵێت" ئیبن ڕشیق باس لەشیعرو ڕەگەزەکانی کردوەو دەڵێت "شیعر پێکهاتوە لە چوار شت (دەربڕین، کێش و قافیەو مانا)، پێشتریش قدامە لەپێناسەی شیعردا وتویەتی وتەیەکی کێشدارو قافیەدارەو گوزارشت لەمانایەک دەکات و ئەو هۆکارانەی وادەکەن ببێت بەشیعر، بریتین لە دەربڕین، کێش و قافیە و تەکنیک"(شایب، ١٩٤٥: ٢٩٥).

لای ئەدۆنس"شیعر لادانی بەردەوامە لە یاساو پێوانەکان"(ادونس، ٢٠٠٥: ٣١٢) کەواتە "شاعر ئازادە لەدانانی یاساکان، چونکە لەسەروی یاسای شیعرەوەیە، نەک بەپێچەوانەوە"(فاضل،٢٠١٧: ٢٩٦) یاخود شیعر "زادەی سەرهەڵدانی حاڵەتێکی زهنی مرۆڤە لەچوارچێوەی سروشتدا"(ڕاهی،٢٠٠٧: ٣١) یاخود شیعر "وتەیەکی کێش و قافیەدارەو گوزارشت لە مانایەک دەکات و لە دێڕیک زیاترە، چونکە دەشێ دێڕێک کیش و قافیەی هەبێ و لە شیعر بچێ بەبێ مەبەست"(ابن فارس،١٩٩٧: ٤٦٥)

ئەگەر گوزارشتکردن لەنەست شیعر نەبێت، دەبێ چی شیعر بێت، ڕاستە شیعر گوزارشتکردنە لەواقیع، بەڵام جیهانێکی سەربەخۆیە لە واقیع و بەهاکەی لەخودی خۆیدایە، نەک لە دەرەوەی خۆی، کەواتە تێلیۆلۆژیەکە (غایە) خۆیەتی، ڕینییە وێلک دەڵێت "کاری ئەدەبی بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی، مێژویی، یان مەعنەوی، ڕەوانبێژی، یان ئاینی، یان تێڕامانی فەلسەفی نییە"(الملائکة،٢٠١٤: ٢٩٨)، کەواتە دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان کەرەستەی شیعر و سەرچاوەی هێزی بەشیعربونەکەی، چونکە کەرەستەی کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، هتد بەها هونەرییەکەی لەخودی خۆیدا نییە، بەڵکو لەڕۆحی شیعر بونی و حەقیقەتی شیعریەکەیدایە، چونکە ئەمانە ڕاستی ژیانن، شیعر بەبیرۆکەکەیان ناپێورێ، بەڵکو بەهونەریەتییەکەیان، شیعر بەوەی کە بەدیدەهێنێ لەڕوی هونەرەوە دەبێتە شیعر، نەک ئەوەی دەیڵێ، یان چوارچێوەی دەکێشێ، چونکە نە قاڵبی شیعریی، نەباسکردن لە واقیع و ژیان، شوناسنامە ناداتە شیعرەکە، بەڵکو ئەو تەکنیکەی کە هەم ناسنامەو خاسیەتی شاعیری دەداتە شاعیر، هەم شیعرەکە، ڕاستە شیعر ڕەنگدانەوەی واقیعە، بەو مانایەی ناتوانێت لێی دابڕێت، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە لەگەڵ نەستی شاعیردا تێکەڵ دەبێت و کەرەستەو ئایدیایەک بەرهەمدێت، جیاوازی و تایبەتمەندی هەیە لەگەڵ دەرەوەداو دەبێتە هەڵگری کات و ساتێکی جیاواز و تایبەت، بەمانایەکی تر شیعر وێنەی واقیع نییە، بەڵکو وێنەی پەیوەندی خودە بەو واقیعەوە، لەگەڵ بونی تایبەتمەندی خودی، کە جیاوازە لەگەڵ واقیعی دەرەوە، لەگەڵ ئەمەشدا وێنەی شیعریی فۆکەس دەخاتە سەر چەمکی خود بەتەواوی هەست و بیرەکانییەوەو ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێتەوە بەنەستەوە، کە کۆگای ڕۆشنبیری هەڵگیراو و کارلێکراوەکانە.

شیعر ئەوەیە کە خۆی لەبارەی خۆیەوە دەڵێت، نەک تیۆری شیعر لەبارەیەوە دەیڵێت، دەبێت لەوشتانە دوربخرێتەوە کە هی شیعر نییە، لەگەڵ ئەوەی ژانری تریشی تێکەڵکبوە، یاخود شیعر وتەی کێش و قافیەدارە، شێوەیەکە لە شێوەکانی هونەری نوسین و لەڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، یان شیعر هەڵێنجراوی هەستەکانە، بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا شیعر هەوڵدانێکە بۆ تێگەشتن لەخود، مرۆڤەکان، ژیان....هتد، یان خستنەڕوی هەستەکانە لە چوارچێوەی شیعردا، یان ناساندنی تواناکانە لەبەرامبەر ژیان و ڕوداوەکان، چونکە شیعر ئەگەر دوانێکی ڕاستەوخۆ بێت وەک گەیاندنی هەواڵێک، یان زانیارییەک، ئەوا لە شیعر دەکەوێت، چونکە لەشیعردا، لەگەڵ ئەوەی هەستی بینین و هەستپێکردن بونی هەیە، وردی و جوانی و بیروروژاندن بەشێکە لێی، چونکە خوێنەر بەتەنها بڕیاردەدات چۆن لێکدانەوە بۆ شیعرەکە بکات، یان لێیتێبگات، ناتوانێت پاساو (موبەڕڕ) بهێنێتەوە، بۆئەوەی کە شاعیر باسی هەمو شتێکی کردوە، چونکە شیعر زیرەکی و چێژ و

حەزو و خوێندنەوەی هەست و نەستی خوێنەرەکانی لەبەرچاودەگرێ، بۆیە بەردەوام کرانەوەیی بەشێکە لێی، بۆئەوەی ڕێگەی لێکدانەوە و ڕاڤە، هەم بەکرانەوەیی، هەم بەقوڵی بیهێڵێتەوە، چونکە لەشیعردا بیر، ڕەخنە، جوانی، گاڵتە، یادەوەری، مێژوو، تێڕامان،...هتد تێدایەو بەشێکە لە پێکهاتەو پەیامی شیعرەکە، کەواتە شیعر، پەیامی وتراوی نەوتراوی ئەوانی ترە کارنامەی کۆمەڵایەتی شیعر دولایەنە، لایەنێکیان پۆزەتیڤەو پەیوەستە بە توانای شیعر لە فێرکردنی بەرزییەکان و بەنەمری هێشتنەوەی بهێنێتەدی بەهاکانی کۆمەڵگە، لایەنە نێگەتیڤەکەشیان تایبەتە بەڕۆڵی شیعر لەشەڕی وشەدا" (علی،٢٠١٤: ١٨٤)، شاعیر بەپێی ئەفلاتون وەرگرە، بۆیە شیعر لەسەرچاوەکە وەردەگرن، نەک شتی بۆ زیادبکەن) (علی،٢٠١٤: ٢٧)، جگە لەمەش پەیوەندی شیعر بەواقیعیەوەیە، یان بە میتا واقیع، چونکە شاعیر خودی واقیعیەکەی مەبەست نییە ئەوەندەی پشتەوەی دیمەنە تایبەتەکەی مەبەستە، بۆیە شیعر خوێندنەوەی میتا واقیعییە، لەم سۆنگەوە بەگشتی مانای شیعر دابەشدەبێت بەسەر:

١-لای فەیلەسوفەکان: شیعر لاساییکردنەوەو ئیلهامە.

٢-لەلای عەروزییەکان: شیعر بریتییە لەوتەیەکی کێش و قافیەدارو بە مەبەست دانرابێت.

٣-لەلای ئەدیبەکان: شیعر وتەیەکی ڕەوانە و کێش و قافیەو خەیاڵ و چێژ و جوانی هەیە، یان شیعر بریتییە لە وتەیەکی خاوەن خەیاڵێکی باڵا، بە مەبەست داڕێژرابێت، ئیدی کێش و قافیەی هەبێت، یان ناو.

لە کۆی ئەمانە دەگەینە ئەوەی کە شیعر کەرەستەیەکی بنچینەیی گوزارشتکردنە لە ماناو بیرەکان، یان وتنە کاریگەرەکان، یان ئەو جیهانەیە کە گوزارشت لەشتەکان (ڕوداو، وتن، تێڕوانین...هتد) دەکات بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، لەپێناو بونیادنانی جیهانێکی تری نەبینراو، لە پێناو بینینی جیهانی بینراو وردتر و جوانتر....هتد

## ١-٢-گەشەکردنی چەمکی شیعر:

ئەگەر بەڵگەی دەق بکەینە نمونەی مێژوی لە پێشینە، ئەوا شیعر کۆنترین تێکستە، کە لە مرۆڤایەتیدا مابێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی مێژو گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، واتە باسکردن لە چەمکی شیعرو گەشەسەندنی ئەم چەمکە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەق بونی هەبوە.

بێگومان گۆڕانی ماناو چەمکی شیعر، بەپێی گۆڕانی قۆناغە مێژوییەکان و قوتابخانەو گەشەکردن و هەلومەرجەکان، شتێکی ئاسایی و سروشتییە، چونکە شیعر بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤەکان، یان ژیان و ڕەنگدانەوەی نەستیان، وەک تەواوی کایەو ڕێبازەکانی تری ژیان، واتە "دانەبڕاونییە لەو ڕوداوانەی کە ڕودەدەن لە دیاریکردنی چەمکی فەلسەفی و فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان"(بزون، ١٩٩٦: ٢٤)

لەم ڕوانگەوە شیعر "لەقۆناغە سەرەتاییەکانیدا ڕەنگدانەوەی زانیارییە مرۆییەکان بوەو شاعیر مامۆستاو حەکیم بوە، بەڵام بەجیابونەوەی زانستەکان لە یەکتری، ئیدی بازنەی شیعر بچوک بۆتەوە، بەو هۆیەشەوە چەمکەکەی دەگۆڕێت" (علاق،٢٠٠٥: ٩٢) مەبەست لە بچوکبونەوە دەرچونییەتی لە بازنە گشتییە گەورەکەو سەربەخۆبونییەتی.

لەئەدەبی یۆنانیدا شیعر لەدایکبوی ئەفسانەکان بو، بۆیە هێزەکەی زمانە ئەفسانەییەکەیە"(بورتنوي،١٩٧٤: ٢٤)، هەر بەهۆی ئەمەشەوە شیعری گریک لەسەرەتادا دارشتنی سحرئامێزو وتەی پێشبینیکردنی لەخۆگرتبو"(هاوزر، ١٩٦٨: ٧٣)، جگەلەمەش لای یۆنانییەکان شیعر بریتیبوە لە لاساییکردنەوە، واتە خودی لاساییکردنەوە بریتیبوە لە بنەماو پێکهاتەی دەقی شیعریی.

لەئەدەبیاتی ڕۆمانیشدا، ڕوانینی جیاواز لەسەر پێناسەی شیعر هەیە، بەو مانایەی لەسەدەی هەژدەدا ئەوروپیەکان پێیان وابو "شیعر ئاوێنەی سروشت و ژیانە، واتە لاساییکردنەوەی ژیانە) (علی،٢٠١١: ٢٣٩)

شیعری عەرەبیش لەسەردەمی جاهیلی لەسەر بنەمای کاریگەری بیستن بنیادنراوە، واتە لەسەر سەرنجڕاکێشی و کاریگەری، ئەم بنیادنانەش شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆرانی"(ادونیس،١٩٨٥: ٧)، هەروەها دەڵێت "شیعری جاهیلی بە سرودی لەدایکبو، واتە بە بیستراوی گەشەیکرد، نەک بەخوێندنەوە، گۆرانی نەک نوسین" (ادونیس،١٩٨٥: ٥) جگەلەمەش هەر لەم سەردەمەدا شیعر ئاوێتەی ژیانی هۆزەکان و هۆکارێکی بنچینەیی بەرەنگاری بوە لێی.

لەسەردەمی ئیسلامیشدا هۆکاربوە بۆ بەرەنگاری لە پرەنسیپەکانی ئاینی نوێ و لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئەوەندە گۆڕانکاری لە وێنەکەیدا نەکرا، لەسەردەمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا، شیعر ئاوێنەی ژیانی سیاسی و فکری کۆمەڵگە بو، (علی،٢٠١١: ٢٣٩)، هەر بۆیە لەکۆنەوە شیعر بە (دیوانی عەرەب) وەسفکراوە (الجزری،٢٠٠٦: ٤٢٦)

### ١-٣-چەمکی شیعر لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

شێرکۆ لە شیعرەکانیدا وشەکانی (شیعر، هۆنراوە، هەڵبەست، قەسیدە) بەکارهێناوە، بەڵام بەزۆری و وەک ئەرک پێبەخشین، وشەی شیعری (١٧٥٤) جار بەکارهێناوە، وشەی قەسیدەشی (٣٧) جار بەکارهێناوە، هەرچی وشەی (هۆنراوە)شە (١٣) جار بەکارهێناوە، وشەی هەڵبەستیش (١٠) جار بەکارهێناوە.

لای شێرکۆ شیعر هەست و نەستە (حس و شعور)، چونکە شیعر لای شێرکۆ لە نهێنی شتەکان دەدوێ، نەک ڕوخساریان، هەر بۆیە شیعر "هەوڵێکی نەمرە بۆ گوزارشتکردن لە ڕۆحی شتەکان" (موسی، ١٩٨٥: ١٤)

لای شێرکۆ شیعر تێرامان و بیرکردنەوەو موعانات و ئەزمونە، چونکە دەبێت شاعر جیهان بە باشی بخوێنێتەوەو ڕوداو و واقیع وردتر ببینێت و هەست بەشتەکان بکات، تاوەکو گوزارشتیان لێبکات، یان ڕێگەچارە بخاتەڕو، چونکە خاوەن هێزێکی کاریگەرە لەبەرامبەر کارکردنە سەر دڵ و دەرونەکان، ئەمەش بە پشت بەستن بە توانست و ڕۆشنبیرییەکی بەهێز دەبێت.

ئایا هەمو وتەیەکی کێش و قافیەدار شیعرەو ڕاستە؟ بێگومان نەخێر، چونکە پەیام و سیمای شیعر زۆر جیاوازترە لەو بۆچونە، هەربۆیە شیعر لای شێرکۆ دوانە لەگەڵ گەورەو بچوک، ژن و پیاو، گەنج و پیر، ڕوداو......هتد، هەر بۆیە ناتوانین شیعری شێرکۆ داببڕین لە کۆمەڵێک ڕووداو دۆزی گرنگی وەک سیاسی و نیشتیمانی، ژن، ماف، ئازادی...هتد) جگەلەمەش ئەوەی جیاوازتری دەکات لەگەڵ شاعیرانی تردا، ئەو توانستە شیعرییەی شاعیرە کە لەدەقەکانیدا بە کۆی ڕەهەندە ئیستاتێکی و هونەرییەکانەوە خستویەتەڕو، لەگەڵ ئەو زمانەی لەشیعرەکانیدا بەرجەستەی کردوە، جگە لەمەش دەقێکی بەرهەمهێناوە، کە جیهانێکی نوێیە، نەک تەنها شیعر و دەقی واڵای مێژو، نیشتیمان.....هتد بەشێوازێک لەهەمو سەردەمە جیاوازەکاندا، هەست بەو نوێیی و جیاوازیە دەکەین، وا هەستدەکەین، شیعرەکانی جیهانێکی جیاوازترن، چونکە کە دەیخوێنێتەوە دەمانخاتە کۆنتێکست و جیهانێکی بەرفراوانەوە.

**ئاماری بەکارهێنانی وشەکانی(شیعر، هۆنراوە، قەسیدە، هەڵبەست)لە دیوانەکانی شاعیردا**

| ژ | ناوی دیوان | ساڵی نوسین | بەکارهێنان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شیعر | هۆنراوە | قەسیدە | هەڵبەست | کۆ |
| 1 | تریفەی هەڵبەست | ١٩٦٨ | ٢٧ | ٤ | ٠ | ٧ | ٣٨ |
| 2 | کەژاوەی گریان | ١٩٦٩ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| 3 | کاوەی ئاسنگەر | ١٩٧١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| 4 | من تینویەتیم بەگڕ دەشکێ | ١٩٧٤ | ٢٠ | ٦ | ٠ | ١ | ٢٧ |
| 5 | ئاسک | ١٩٧٨ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| 6 | ڕەنگاڵە | ١٩٨٠ | ٣٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٩ |
| 7 | کازیوە | ١٩٨٠ | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤ |
| 8 | دو سرودی کێوی | ١٩٨٠ | ٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦ |
| 9 | ڕوبار | ١٩٨٤ | ٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٧ |
| 10 | کەشکۆلی پێشمەرگە | ١٩٨٥ | ٤٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٨ |
| 11 | داستانی هەڵۆی سور | ١٩٨٥ | ٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٨ |
| 12 | شایی شەهید | ١٩٨٥ | ٦٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦٢ |
| 13 | ئاوێنە بچوکەکان | ١٩٨٦ | ٣٥ | ٠ | ٠ | ١ | ٣٦ |
| 14 | داڵ | ١٩٨٧ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| 15 | تەم تومان | ١٩٨٩ | ١٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٩ |
| 16 | دەربەندی پەپولە | ١٩٩١ | ٥٤ | ٢ | ٠ | ٠ | ٥٦ |
| 17 | ئافات | ١٩٩٣ | ١٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢ |
| 18 | یاداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش | ١٩٩٣ | ٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣ |
| 19 | مێرگی زام و مێرگی هەتاو | ١٩٩٦ | ٦٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦٣ |
| 20 | خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ | ١٩٩٨ | ١٦٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٦٥ |
| 21 | بۆننامە | ١٩٩٩ | ٣٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٥ |
| 22 | چراکانی سەرهەڵەموت | ١٩٩٩ | ٦٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٦١ |
| 23 | نسێ | ١٩٩٩ | ٤٥ | ١ | ٠ | ٠ | ٤٦ |
| 24 | ژن و باران | ٢٠٠٠ | ٢٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٣ |
| 25 | ڕەنگدان | ٢٠٠١ | ٣١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣١ |
| 26 | پیاوێ لەدارسێو | ٢٠٠٢ | ١٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠ |
| 27 | خۆم ئەووەختەی باڵنەدەم | ٢٠٠٢ | ٢٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٨ |
| 28 | لەچلەی چل چرایەیەکدا | ٢٠٠٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ |
| 29 | پایزەمیوان | ٢٠٠٣ | ١٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٦ |
| 30 | گۆڕستانی چراکان | ٢٠٠٤ | ٢٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٢ |
| 31 | ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن | ٢٠٠٤ | ١٨ | ٠ | ٠ | ١ | ١٩ |
| 32 | سرودەبەردینەکان | ٢٠٠٥ | ٢٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٣ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 33 | کورسی | ۲۰۰٥ | ۱۸ | ۰ | ۰ | ۰ | ۱۸ |
| 34 | لەگوڵەوە تاسووتو | ۲۰۰٦ | ۷۸ | ۰ | ۳ | ۰ | ۸۱ |
| 35 | حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک | ۲۰۰۷ | ۳۲ | ۰ | ۰ | ۰ | ۳۲ |
| 36 | ملوانکە | ۲۰۰۷ | ۲٦ | ۰ | ۳ | ۰ | ۲۹ |
| 37 | تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین | ۲۰۰۷ | ۸٥ | ۰ | ۲ | ۰ | ۸۷ |
| 38 | ژێ و ژنە | ۲۰۰۸ | ۸۹ | ۰ | ۸ | ۰ | ۹۷ |
| 39 | تەون | ۲۰۰۹ | ۱۳۳ | ۰ | ٦ | ۰ | ۱۳۹ |
| 40 | هەست و نەست | ۲۰۱۰ | ۱۲٥ | ۱ | ۱٤ | ۰ | ۱٤۰ |
| 41 | ئێستا کچێک نیشتمانمە | ۲۰۱۱ | ٥٥ | ۰ | ۰ | ۰ | ٥٥ |
| 42 | ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە | ۲۰۱۲ | ۱۳۰ | ۰ | ۰ | ۰ | ۱۳۰ |
| 43 | خێراکە...مردن خەریکە بگات | ۲۰۱۳ | ۸۱ | ۰ | ۰ | ۰ | ۸۱ |
| 44 | یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی | ۲۰۱٦ | ۳ | ۰ | ۰ | ۰ | ۳ |
| کۆی گشتی | | | ۱۷٥٤ | ۱٤ | ۳۷ | ۱۰ | ۱۸۱٥ |

## ۲- شوناسی شیعر لەڕوانگەی شیعرەکانی شاعیرەوە

شیعر شێوەیەکە لەشێوەکانی هونەری ئەدەبی و بەڵگەنامەیەکە لەڕێگەیەوە ڕابروی پێدەخوێنرێتەوە، جگەلەمەش هەڵگری مانای زمانییە، لەپێناو بەرجەستکردنی مانای مەبەستداردا، هەر بۆیە کارکردن لەسەر شیعر، کارکردنە لەسەر وەتەرە حەساسەکان و نەستی قوڵی شاعیر، بۆیە دیاریکردنی چەمک و پێناسەی شیعر لەڕوانگەی شێرکۆ بێکەسەوە، پێویستی بە وردبونەوە هەیە لەو دەقانەی کە تایبەتن بە ناساندنی شیعر، بەمانایەکی تر وشەی شیعری تێدا بەکارهێناوە، لەپێناو دیاریکردنی پێناسەی شیعر لەلای شاعیر، بۆیە لەم ڕوانگەوە شیعر لای شاعیر بریتییە لە:

### ۲-۱- شیعر پرسیارە:

لای شێرکۆ پرسیار بەشێکە لە خودی بیرکردنەوەو تێرامان، بۆیە لەڕێگەی پرسیارەوە وێڵە بەدوای مانا مەبەستدارەکاندا، بەمانایەکی تر شیعر لای شێرکۆ بریتییە لە پرسیار، خودی پرسیاریش بریتییە لە کرانەوەو جیهانێکی بەربڵاو، وەک دەڵێت "شیعر بەردەوامبونی پرسیارە، ورووژاندنی هەست و نەست و عەقڵە. زمان لە قەسیدەی درێژدا شێوەی پەلکە ڕەنگینە وەرئەگرێ، نەک هەورە تریشقە. زنە نییە دەریاچەیە. بەلەمێکی بچوک نییە کەشتییە. سەفەرێکی کورت نییە دورو درێژە. یەک گەمەی شکڵ نییە چەندین گەمەی جۆراوجۆرە. دیارە ئەوە هەر قودرەتی خەیاڵیشە لە چامەی درێژدا ئەتوانێ بەردەوام فەزاکان بۆ زمان نوێ بکاتەوە، لە ئاسۆیەکەوە بیگوێزێتەوە بۆ ئاسۆیەکی تر، بەڵام لە شیعری کورتدا. ئێمە لەبەردەم پۆستەرێکداین بۆ یەک ساتەوەخت چاومان ئەقۆزینەوەو ئیتر هەر ئەوانەیە ڕامان ئەگرێ و سەرسامان ئەکات" (بێکەس،۲۰۰٦: ۲۳٤) جگەلەمەش لە دەقی شیعرییدا سەبارەت بە پرسیاربونی شیعر دەڵێت:

تۆ ئەزانی

شیعر کە پرسیاری نەبو

لە چی ئەچێ؟!

باوکم وتی:

لە ئاوێکی ڕاوەستاو

لە زەنگێکی بێ زرنگەو

لە بڵێسەی خامۆشکراو!..........بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 8، سوید، ل٣٧٥

کەواتە شیعر بریتییە لە پرسیارێکی نەکراو، بوێری و چاونەترس، بەوەی دەبێت لە هەمو شتێک بپرسێت، لە دەرگای هەمو شتێک بدات، لە کوێ ئەمانە دەبێتە شیعر، چونکە شیعر بریتییە لە پەیامێکی جیاواز و ڕێنیشاندەر و ناسێنەری جوانییەکان، هەربۆیە دەڵێت "لەتێڕوانینی مندا، شیعر پرسیارێکە کە سنور ناناسێت. ڕوبارێکە کە هەمیشەو بەردەوام لە جوڵەدایە"(عومەر،٢٠٠١: ٢٨١)، کەواتە دەیەوێت بڵێت شیعر شاعیری خوستوەتە ئاستێکی ترو هێزی پێبەخشیوە، وەک دەڵێت:

من دەستم دایە پرسیاریێ

ویستم بیبەم بۆ ناو شیعریێ

بەڵام پرسیار لە شەرمنی و

لە ترسنۆکیم ڕاپەڕی و

منی تورڕدایە ئەولاوەو

ئەمجارەیان بە تەنها خۆی

لەیەک کاتدا

بو بە (من)ێکی جیاوازو

بویش بە شیعر!........... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی تەون، ل٩١

### ٢-٢-شیعر هەست و نەستە:

لەبەرئەوەی شیعر ڕەنگدانەوەی هەست و نەستە قوڵەکانی مرۆڤە، بۆیە شێرکۆ دەڵێت "پێناسەکردنی شیعر وەک پێناسەکردنی ژیان خۆی کارێکی گرانە! هەر لە سەردەمی "ئەفلاتون"و"سوکرات"ەوە تا ئەمڕۆ بەهەزاران شێوە پێناسەی شیعر کراوە، بەڵام شیعر هیچ کام لەو پێناسەکردنەی وەک چوارچێوەیەکی هەمیشەییو جێگیرو نەگۆڕ نەگرتۆتەخۆ. بەلای منەوە شیعر گەردونێکی بێسنورەو پەی پێبەنبراوە، هەروەکو چۆن تێڕامان لە گەردون و ئەستێرەکان تا بێ، بەرەو پرسیاری بێکۆتایی ئەمانبەن، شیعریش بەو جۆرە لە ئاقارێکدا، لە پێناسەیەکدا، لە بەرگێکدا دەستنیشان ناکرێ، ئەوەی منیش دەربارەی شیعر بیڵێم دیارە هەر هەوڵدانێکە بۆ دروستکردنی یەکێک لەو چوارچێوانەی کە ئەوی تێدا دابین نابێ، بە بڕوای من شیعر زمانی هەست و نەستە، لە هاوڕێ هەرە کۆنەکانی "ئیحساساتی" ئینسانە، گەواڵە هەوری خەیاڵەو مۆسیقای ژیانە. هەر لەبەرئەوەشە بەلای منەوە شیعر دورە لەو "چەمک"انەوە کە زانست بە زمانی (مفعولات) و (مەنتیقی) خۆی دەریان ئەبڕێ. هەتا هەتایە هیچ کۆمپیوتەرو ئامێرێکی میکانیکی دروست نابێ، بۆئەوەی جێی ئیحساساتی مرۆڤ بگرنەوە، تەنانەت ئەو وشانەش لە فەرهەنگی ژیان خۆیدا مانای دیار و ڕاستەوخۆی خۆیان هەیە، کاتێ هەر ئەو وشانە ئەچنە ناو گیانی وێنەیەکی شیعرەوە، ناو ڕستەیەکەوەو تێکەڵ بە ئاهەنگو خەیاڵی فرە ئاسمانی ئەبن، ئەوسا پەلوپۆی

"مەجازی"یان لێئەبێتەوە، لەبری مانایەک، سێبەرێک، دەنگدانەوەیەک، گەلێ ماناو سێبەرو دەنگدانەوەی دیکەیان لێ ئەبێتەوەو زمان ئەتەقێتەوە"(عومەر،٢٠٠١: ٩).

سەبارەت بەوەی شیعر هەڵقوڵاوی هەستەکانە، جاحظ دەڵێت "شیعر شتێکە دەرونمان هەڵیدەگیرسێنێت و بەزمان دەریدەبڕین) (بن فارس، ١٩٩٩: ٩)، کەواتە شیعر لەڕێگەی نەستەوە سەرچاوە دەگرێ، جگەلەمەش ڕەنگدانەوەیەکی هەڵچونی هەستە بەهێزەکانی شاعیرە، ئێملی دیکنسۆن (Emily Dickinson) شاعیری ئەمریکی دەڵێت "هەر کاتێک دەقێکم خوێندەوەو هەستم بەتەزویەک کرد، ئەوە دەقی شیعریی دەخوێنمەوە، ئەگەر هەستم کرد تەپڵە سەرم لە شوێنی خۆی نەماوە، هەستدەکەم ئەوە شیعرە، ئەمانە ڕێگەی زانیاری شیعرن، ئایا ڕێگەی تر هەیە؟)(علی، ٢٠١١: ٢٣٨)، کەواتە شێرکۆ بێکەس بەهەمان شێوازو ڕەنگدانەوە لە شیعر دواوە، وەک دەڵێت:

بۆیە شیعرم

پڕ بە هەمو کوردستانم

هاوار ئەکا:

من دەنگدانەوەی دەرون و

زەنگی هەست و

خورپەی دڵی

گەلەکەم...... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٢، ل٣٠٥

یاخود شیعر بریتییە لە خود، چونکە شێرکۆ هەست و نەست و خودی بەیەکەوە گرێداوە، وەک دەڵێت "ئێستە شیعر لەژیانی مندا بوە بە بەشێک لە گیان و لەشم، وەک دەستم، قاچم، چاوم، ئایا چاوی خۆم بۆ خۆش ئەوێ؟ شیعر لای من بۆتە پێناسەی کێشە گەورەکە، بۆتە مەسەلە بوە بە وجودم"(عومەر،٢٠٠١: ١٣)، کەواتە شیعر لای شێرکۆ ڕەنگدانەوەی کۆی هەست و گیانی خودەو لەم سۆنگەوە سەرچاوەدەگرێت، وەک دەڵێت:

باشە ئەبێ شیعر چی بێ

گەر بەتەنها دڵی نوسەرەکەی خۆش کاو لەو بەولاوە

نە دڵی کەس بزوێنێ و نە یەک تەزو لە ناو ڕۆحدا

بەجێ بێڵێ و نە یەک بروسکەو تروسکەو هەر بە تەنهایش

خۆی تێی بگا؟!...................... بێکەس. شێرکۆ(٢٠١٠) دیوانی هەست و نەست،ل٤١٠

جگەلەوەش شاعیر بەدەر لە ناسینی دەبێت لەخۆگری چەند تایبەتمەندییەک بێت، بەوەی شیعر دەبێ هەستی خوێنەر ببزوێنێ و سەرسامی و راچڵەکینی بیری دروستبکات، دەبێت ڕای بکێشێتە ناوخۆی، بۆ بە پراکتیزەکردنی ئەم پێناسەیەش، نمونەی جوانی ژن دەهێنێتەوە، کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناویەوە، وەک دەڵێت:

شیعر چییە؟!

ئەگەر نەتوانێ تەزویەک

لە دەزولەی سەرسامبونێ

داچڵەکێنێ، لە شێوەی خەوی ڕاپەڕیو

نەخاتە ناو دڵی تۆوە؟!

هەر کوت و مت

جوانی ژنێ ئەبێ چی بێ؟!

کە نەتوانێ

هەر لە یەکەم بینینەوە

بتخاتە ناو تەلیسمەکەی

نیگایەوە

کە نەتوانێ

بتخاتە ناو کەمەندەکەی

عەشقی بەژن و باڵایەوە!........... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی تەون،ل٦٣

کەواتە شیعر بریتییە لەو تەزوە بەهێزەی هەژان و ڕاچڵەکین، یان کاریگەری و جێکەوت لای خوێنەر، یان بیسەری دروست بکات، بەمانایەکی تر شیعر بەر لە هەمو شتێک بۆ خوێنەرە نەک بۆ شاعیر.

شاعیر دەیەوێت بە هەستە گشتییەکان شیعر بناسێنێت، بەڵام تایبەتمەندی زیاتر بە هەندێک شت دەبەخشێت، بۆیە شیعر بە ژنە دڵدارو هەست و خۆشەویستی دەزانێت، وەک دەڵێت "شیعر بۆ من ژنە دڵدار و هاوسەر و ماشقەی تێئاڵاومە، شیعر ڕوانگەی بینینەکانی شاعیرە، شیعر بۆ شاعیر ڕێگایەو پەیامیشە، شیعر بۆ من هەناسەدانە، گەشتی بینینەو ئەزمونی ئاوێتەبوی جەستەو ڕۆح، بەرزیی شیعر لە بەرزی باڵای شاعیر زیادئەکاو پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. شیعر دەنگدانەوەی هەست و نەستی شاعیرە. هەر لەبەر ئەوەیشە ناتوانین شیعر لە ڕوانین و هەڵوێست و دیرۆکی ژیاننامەی شاعیر خۆی جوێ بکەینەوە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا، شتێک نییە لەو ژیانەدا بە پەنهانی بمێنێتەوە! "(عومەر،٢٠٠١: ٢٩٥)، بۆیە دەڵێت:

خۆشەویستی چییە؟! جگە لە هەڵقرچانی بەردەوام

ئازار چییە؟! جگە لە سارێژ نەبونەوەی ڕۆح.

مێژو چییە؟! جگە لە ڕابردوویەکی پڕ لە عیبرەت.

سروشت چییە؟! جگە لە تابلۆکانی خودا

شیعر چییە؟! جگە لە زمانی عەشقێکی سرمدی.

بەڵام هەڵبجە خۆی بەتەنیا خۆشەویستییە و

ئازارەو مێژوەو سروشتەو شیعر..... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٧، سوید، ل٣٢٨

یاخود دەڵێت:

شەو باوێشکی داو بە دوایدا

منیش هەروا.

شەو نوست و من

لەگەڵ عەشقێکدا مامەوە

هەتاکو شیعر هەڵهات و

بەیانیدا!.................... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید،ل٤٦٤

جگەلەمەش لای شاعیر جیهانی سۆزو خۆشەویستیە، جیهانی ئارامییە، بۆیە بەراوردیان دەکات بە ژن وەک دەڵێت:

حەزمئەکرد شیعرەکانم

هەر بۆنی کۆگای تریفەی

شەوی لەشی

شۆڕە ژنیان لێهاتایە

نەبونایە

بە گەڕەکی بێوەژن و

بە کۆلانی پێخاوس و

کێلگەی غەمبار! بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید، ل٤٤٤

یاخود دەڵێت:

شیعرم ئەبێ بە چەترەکەت

لە هەتاودا

شیعرم ئەبێ بە شەماڵ و

بە سێبەرو، لە سەرمادا

بە ئاگرو

لە شەواندا بە چراکەت.

هەر وەختێکیش

چەترو شەماڵ و سێبەرو

ئاگرو چرای من لات نەبون

تۆ بزانە

ئیتر شیعرم ئاوابوەو

منیش مردوم!.................... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید، ل٤٧٥

جگە لەمەش شیعر بریتییە لە هاووڵاتی، چ خەمیان، بونیان، دەنگیان....تاد بۆیە شیعر بریتییە لە باسکردن لە دەنگ و ڕەنگ و ئارەزو خۆشی.....تاد هاووڵاتیان، یاخود شیعر دەبێت لەگەڵ ئازارو هەست و نەستی هاووڵاتیاندا بێت و ببێتە هەم ناسێنەرو دەروازەیەک بۆ گەیاندنیان بە مەبەستەکان، وەک دەڵێت:

لەناوتاندام.. لە ڕیزتاندام،

تا ڕاوەستن... شیعری منیش

لەگەڵتاندا ڕائەوەستێ،

وەختێ بڕۆن... شیعری منیش

لەگەڵتاندا هەنگاو ئەنێ.

ئەو وەختەی دەنگتان هەڵبڕی

شیعری منیش دەنگ هەڵئەبڕێ،

ئێوە نەبن... شیعر چییە؟

ئێوە نەبن... شێرکۆ چییە؟

لەناوتاندام... لەڕیزتاندام.....لەگەڵتاندام.... بێکەس. شێرکۆ (٢٠١٣) خێراکە..مردن خەریکە بگات، سلێمانی،ل٦٧

**٣-٣-شیعر خوێندنەوەی شتە نادیارەکانە:**

لەڕاستیدا شیعر خستنەڕوی نەزانراو و نەبینراوەکانە، چونکە ئەم هەنگاوە توانستی و بەهێزی شاعیر پیشاندەدات، شیعر هەڵگری دیمەن و پەیام و......تاد، کە هەموان لە دیمەنە جیاوازەکاندا نایبینن و شاعیر توانای بینین و ناسین و.......تاد، هەیە، بۆیە کاتێک لەشیعرەکانی شاعیر وردبینەوە، بەگشتی ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە شیعر لای شاعیر وێناکردنی ئایندەیە لە ئێستادا، واتە بریتییە لە خوێندنەوەی ئەو شتە نەزانراوانەی کە لە ئێستادا هەستیان پێناکرێت و هەندێک جاریش باوەڕیان پێناکرێت، هەربۆیە شێرکۆ دەڵێت: "شیعر خوێندنەوەی نادیارە، بە واتایەکی تر بینینی ئەو داهاتوانەیە کە چاوی ئاسایی نایانبینن، یان پرسیارە لە تیۆری پێشبینی کردندا، بەو مانایەی وێناکان ئەبن بە واقیعی ناو زمان خۆی و لە هەمانکاتیشدا خەونەکان ئەبن بەواقیع، واتە دێنە دی. لە شیعردا دیدی هەست و نەست تیژن، ئازاد و بێپەروان، هەروەکو ئەم چاوە لای منداڵ و زمانی منداڵ ئەگەنە ئاستی جۆرێک لە دنیای ئەفسانەو تێکەڵاوبون لەگەڵ نادیاردا." (بێکەس،٢٠٠٦: ٢٢٠)، کەواتە شیعر یەکێک لە ئەرکەکانی، ڕۆڵبینینی شاعیرو ناساندن و ئاشکراکردنی شتە نەزانراوەکان و کردنیان بە زانراو، لەگەڵ ئەوەی بەداخەوە وەک پێویست ئەنجامی ئەم ڕوانینە لە ژیاندا کاریان لەسەر ناکرێت، یان بەرجەستەناکرێت وەک لەزانست کەراستەوخۆ دوای ناسینی پراکتیزەدەکرێت، وەک دەڵێت:

زەمانی لێکدابڕینی:

پەنجەو دەست و

چاوو برۆو

دەمو لیوە، زەمانی لێکدابڕینی ئازیزانە!

تۆیش وەکو شیعرم ئازیز بوی

تۆ شیعرم و شیعریش تۆ بوی

هەردوکتانم بەجێهێشت و پێمنەوتن بۆ کوێ ئەچم.... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٢، ل٤٥١

جگە لەمەش شیعر بە کێشانە نابێتە شیعر، واتە کورت بێت یان درێژ دەتوانێت شیعر بێت، بەمەرجێک شیعرییەتی خۆی بسەلمێنێت، بۆیە دەڵێت "شیعر بەکورتی و درێژی نییە. بە داڕشتن و شێوازی هونەرێتی. بە زمان و داهێنانە. بە ئەفراندنە. ئەشێ کانییەک وزەی بەخشینی بۆ من لە ڕوبارێ زیاتر بێ. ئەشێ جوانی ژنێکی ڕێبوار لای من زۆرت بمێنێتەوەو کاریگەریەکەی لە جوانێکی تر بەهێزتر بێ و بە سەعاتیش بەرامبەرم دانیشێ. ئەوەی ڕاستیبێ، لە ئەزمونی خۆمدا، وێستگەکانی شیعرم هەمەجۆرن. من لە یەک وێستگەی شیعردا دانەسەکنیوم. هەمیشە لە جوڵەو بزوتندا بوم، کەم یان زۆر، بەڵام بەردەوام خەتەری بەسەرهات لەڕێگەدرێژەکاندایە، چونکە ئەگەرەکان زۆرترن. چامەی درێژیش بۆ شاعیر هەمان شتە، بە مانایەکی تر، ئەمە جۆرێک لە دەسەڵاتی زمان و پشوی درێژ و ئارام و ئەزمونی ئەوێ، بۆ ئەوەی

چامەیەکی وا بنوسین، بخوێندرێتەوەو گوێی لێبگیرێ و فرێنەدرێ. ئەم ئەگەرەیان لە کورتە شیعردا کەمترە، واتە خوێندنەوەو گوێلێگرتنی تەنیا ساتەوەختێکی ئەوێ."(بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٣٢)، کەواتە دەیەوێت بڵێت شیعر تەنها لەیەک پێناسەدا جێگەی نەبێتەوە، بەڵکو بەپێی جۆری ڕونینەکان لەدەقدا دەبێتە پێناسەی شیعر، کەواتە شیعری شێرکۆ بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی هەموان (کچ، کوڕ، گەورە، بچوک...تاد) جگە لەمەش شیعر بریتییە لە ئازادی، بۆیە بە ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی مافی مرۆڤ دەزانێت، چونکە ئەوە ئازارەکانن ساتەکان خۆشدەکەن، ناشیرنەکان جوانەکان دەناسێنن، وەک دەڵێت:

کە ئازادیش نەبو ئیتر

گوڵ یەعنی چی و

ژن و مۆسیقا یەعنی چی و

شیعر چییە و

ژیان خۆی چی؟!............. بێکەس. شێرکۆ (٢٠١٣)خێراکە..مردن خەریکە بگات، سلێمانی، ل١٨٤

## ٣-٤- شیعر عیشق و خەون و خەیاڵە:

یەکێک لە ڕوانین و وێناکردنەکانی شیعر خەیاڵە، هەربۆیە شێرکۆ بەبەردەوامی خەیاڵ لەشیعرەکانیدا بوەتە لایەنێکی بەهێزو ناسێنەری مانای دەقەکە، بۆیە زۆربەی کات هانای بۆ بردوە، لەم ڕوانگەوە شێرکۆ دەڵێت "زمان لە چامەی درێژدا پێویستی بە ئیش و زەخیرەیەکی زۆر هەیە، بە خەیاڵی چەند لایەنەو ڕەنگین، بەگۆڕینی ڕیتمەکان، بەگۆڕینی وێنا و تابلۆکان، چونکە چامەی درێژ واتە چامەی فرە ڕەنگیش، واتە فرەڕەنگی چامەی درێژ گێڕانەوە و درامای شیعرییە. لەشیعری سەد دەر سەد پوخت، ئەم ڕێگایە نابزوێ، بۆیە پێویستت بە جۆرێک لە هاوکاری چیرۆکە، یان شانۆیە، یان پەخشانە. پێویستت بە زانیارییە جیاجیاکانە، لەبەرئەوەی تۆ یەک وێستگە و باخچەت نییە، تەنیا بەیەک شەقامدا ناڕۆیت. تەنیا لەیەک پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە ناکەیت، ئەمە جگە لەوەی لەچامەی درێژدا ئەشێ لەچەند زەمەنێکدا کاربکەیت لەڕێی شەپۆلەکانی هۆشەوە بگەڕێیتەوە، یان لە ڕێی خەونەکانەوە ڕو لە ئایندە بکەیت. کورتی چامەی درێژ وەک کورتە شیعر، یەک حاڵەتی کورت بروسکە ئاسا ناگرێتەخۆ فلاشێک نین، یەک سەرسام بون نییە بە وێنەیەک و تەواوبێت، چامەی درێژ (ماراسۆنی) شیعرە، ئاخر خۆ هەمو یاریزانێکی ڕاکردن قودرەتی ڕاکردنی ماراسۆنیان نییە، هەروەها شاعیرەکانیش"(بێکەس،٢٠٠٦: ٢٣٣) کەواتە شیعر بریتییە لە خەیاڵ و گۆڕینی ڕیتم و وێناو تابلۆکان، واتە شیعر فرەڕەنگە، بەمەش شێوازی جیاوازی وەک چیرۆک، پەخشان، شانۆ لەخۆدەگرێت، ئەمەش پێویستی بە زانیاری زیاترە، بۆیە شیعر خانویەکی بێدیواری پڕ پەنجەرەو شوشەیە، وەک دەڵێت:

دەمەو عەسرێ

بەکەناری خولیایەکما پیاسەم ئەکرد

لەپڕێکدا "خەیاڵ"ێکی شۆخ و شەنگی

چاو سەوزی جوانم پێگەیشت!

کاتێ گەیشتمە بەردەمی

تکام لێکرد، یەک تۆز لەسەرم بوەستێ

هەتا قەڵەمەکەم دێنم

بۆ ئەوەی وێنەی بکێشم و

بۆ ئەوەی بیکەم بە شیعر.......... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٧) حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،ل٤٢

کەواتە شیعر بریتییە لە خەیاڵ، ئەو خەیاڵەی کەسیمای جوانی و شۆخ و شەنگی بەرهەمدێت، واتە وێنای ژیانە بە هەمو جوانییەکانییەوە، یاخود دەڵێت:

نیوەشەو هەندێ جار کە شیعر

ئەمباتە ناو دنیای سیحراویی خۆیەوە

ئەمخاتە سەر باڵی خەیاڵی دورە فڕ

ئەوساتە ساماڵ بێ یان زریان

باران بێ یان بەفر

ئەیبینم............ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٢، سوید،ل٢٨٩

کەواتە شیعر بریتییە لە خولیاو خەیاڵێک کە لەقۆناغی منداڵی و لاویدا دەکرێن، یان بریتییە لە ناسکی و جوانی، بۆیە شاعیر بەردەوام کار لەسەر ئەو وشانە دەکات، کە هەم ناسکی و هەم جوانی بخەنەڕو، وەک دەڵێت:

لە ئاو ناسکتر کچی جوانە

لە کچیش ناسکتر شیعر!........... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٦)، لەگوڵەوە تا سوتو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،ل٨٢

جگە لەمەش شیعر بریتییە لە بیرکردنەوەی قوڵی مرۆڤ، بەشێوازێک بریتییە لە بیرکردنەوەی خەیاڵی و وێنای شاعیر، چونکە ئەم بیرکردنەوانە بەربەست ناناسن و هیچ شتێک بە موستەحیل نازانێ وەک دەڵێت:

دوەم شەو

کە بانگت کرد شیعر نایەت

با سەد دەرگایش لەبەردەمیا بکەیتەوە

ئەو وەختێ دێ بانگ نەکراوە

چی دەرگایشە داخراوەو

بەسەر حەساردا بازئەداو

لە درزێکی باریکەوە

دێتە ژووری!................ بێکەس. شێرکۆ (٢٠١١)ئێستا کچێک نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،ل٢٤٢

یاخود دەڵێت:

ئەو وەختەی کە قژی لول ئەکات

خەیاڵیش لەلای من لول ئەبێت.

بۆیە شیعرم ئەو ڕۆژانە

لە لاولاوی تێئالاوی

سەر شیشەکانی پەنجەرەی ژورەکەم و

لە وردە تەندورەی ئاوی

بێ ئارامی ڕۆحم ئەچێ!............. بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید،ل١٧٤

لەبەرئەوەی شیعر جیهانێکی فراوانی هەستەکانی مرۆڤە، بۆیە عشق و خەون و خولیا دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندی و ناسنامەکانی شیعر، شێرکۆش شیعرو عیشق بە تەواوکەری یەکتر دەزانێت، وەک دەڵێت:

کە عاشق شێت ئەبێ

بە شیعرەوە ئەیگرێ

کە شیعریش شێت ئەبێ

بە خواوە ئەیگرێ،

من عاشقم و من شیعریشم!

(ئەمە قسەی ڕوبارێکی سەرهەڵگرتوی

هەندەران بو)................. بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٣، سوید،ل٥٥٦

یان:

شیعر

شیعر گمەی

ئەوینێکی سپی و، باڵی

پەپولەی وشەیە و

چاوی باران.

شیعر تۆوی ئەستێرەیە و

لە دەشتی ساماڵدا ئەڕوێ

شیعر پەنجەی منداڵانە و

لە دۆزەخی کوردستان و ڕواندەدا

چی لە دەست دێ ؟!................. بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٤، سوید،ل٢٢٠

یان:

هەڵبەست

هەڵبەست کلوی، وشەی سپی، ناو ئەو بەفرەیە

بەبێ چرکە، ئەنیشێتە، سەر هاوینی گیان

یاخود بزەی، مانگەشەوی، دەم تریفەیە

کە هەر چوار وەرز، ئەدا لەڕوی شەپۆلی ژیان................ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی١، سوید،ل١١٦

لەکۆی ئەم پێناسانەش دەتوانین بڵێین شیعر لای شاعیر ئاوێنەی سروشت و ژیانە، بەوپێیە شیعر ئاوێنەی سروشت و ژیانەو ئەوەی لە دەوروبەر ڕودەدات سەرچاوەو کەرەستەی سەرەکی شیعرە، و شاعیر ئەم واقیعە لە چوارچێوەیەکی چێژبەخشدا دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر، وەک دەڵێت:

شاعیر شیعر ئەکا بە ئاوێنە

ئاوێنە ئەبێ بەشووشەبەندی دیوان و

دیوان زەمان ئەبیات و

زەمانیش زۆریانی بیر ئەچێتەوە!.....بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٧، سوید،ل٣١٧

**٣-٥-شیعر زمانە:**

زمان لە شیعردا یەکێکە لەبنەما سەرەکی و بەهێزەکانی پێکهاتەی شیعریی، بۆیە هەمو شاعیرێک هەوڵەدات زمانێکی تایبەت و بەهێز پراکتیزەبکات، شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەو سەبارەت بە زمانی شیعریی دەڵێت "شیعر زمانە، لە ئان و ساتی حاڵ لێهاتن، فڕینی ڕۆحە لە وەختی شپرزەیی و دڵەڕاوکێ و گومانی بەردەوامدا. شیعر چڕترین زمانە دارستانی ناو هەمو ئەدەبێکە، پرسیارە لەناو پرسیاردا"(عومەر،٢٠٠١: ٢٩٣)، یاخود دەڵێت"شیعریش بە زمان، بیر، مۆسیقا، داڕشتن، وێنەو خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگەوە.. بەسەر یەکەوە پێیئەوترێ شیعرو لەیەکتر دانابڕێن. "(عومەر،٢٠٠١: ١٠)، بۆیە شیعر وەک زمانێکی ئازادی بەرفراوانی نەبڕاوە دەناسێت، چونکە زمان و شیعر وەک یەک سەیردەکات، وەک دەڵێت:

خۆشەویستی چییە؟! جگە لە هەڵقرچانی بەردەوام

ئازار چییە؟! جگە لە سارێژ نەبونەوەی ڕۆح.

مێژو چییە؟! جگە لە ڕابردویەکی پڕ لە عیبرەت.

سروشت چییە؟! جگە لە تبلۆکانی خودا

شیعر چییە؟! جگە لە زمانی عەشقێکی سرمدی............ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٧، سوید، ل٣٢٨

کەواتە شیعر بریتییە لە زمانی هێنانە گۆی نەستی قوڵی مرۆڤ و بەزیندو هێشتنەوەی جوانیی و عشقەکان لەناودێڕەکاندا، یاخود دەڵێت:

شیعر (مانگ)ی سەرەڕۆیە

شەوێک لە باخەڵما هەڵدێ و

شەوێکی دی کەس نازانێ لە لای کێیە؟

شیعر ژنێکە سیحرباز

زەمانێکە من ئەیناسم

زەمانێکە ئەو ئەمناسێ

کەچی تا ئێستە جارێکیش

پێی نەوتوم چ وەختێ دێ

ئەشێ لە ڕۆژێکدا چەند جار

بێت و لەگەڵیشما بنوێ!

جاری واش هەیە هەر لە پڕ

بۆ چەند مانگێ

خۆی ون ئەکاو

بزر ئەبێ و

کەس نازانێ ئەو لەکوێیە................ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید، ل٢٨٣

کەواتە شیعر بریتییە لەو دەقەی کە لەهیچ کات و سەردەمێکدا لەسەر یەک ڕوداو بابەت، یان تەوەردا ناوەستێت، یاخود قسە لەسەر هەمو شتێک دەکات و کاتی وتن و گوتاری دیاریکراو نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ڕەنگدانەوەو هەست و نەستی شاعیر لەم حاڵەتانەدا.

### ٣-٦- شیعر ڕوداوە:

هەمو دەقێکی شیعریی لەخۆگری چەندین ڕوداوی جیاوازە، هەمو ئەمانەش لەسەر ڕوانین و جیهانبینی شاعیرو بیرۆکەکانی وەستاون، لای شێرکۆش ڕوداو بەشێکی دانەبڕاوە لەدەق، هەربۆیە شێرکۆ پێیوایە شیعر بریتییە لە ڕوداوەکان، ئیدی واقیعی بن، یان خەیاڵی، یان تێکەڵەیەک بن لەم دوانە، بەمانایەکی تر شیعر نابێت، تەنها لەسەر یەک هێڵ بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕوانینی جیاوازی هەبێت و دەبێت ئەو شتە بڵێت، کە بیرکردنەوەی فیزیکی و خەیاڵی شاعیر بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە ئەو شیعرانەی بەم شێوازە دەنوسرێت، دەبنە دەقی نەمرو زیندو، شێرکۆش لەمەدا دەستێکی باڵای هەیەو هەر لەبەرئەمەش بوەتە ناسنامەی شیعریی، وەک دەڵێت "چامەی درێژ لە ئەزمونی مندا، چامەیەکی سینەماییە، واتە بەرجەستەکردنی خەیاڵەکانە بەوێنەو بزواندنی زەینە لە جوڵەیەکەوە بۆ جوڵەیەکی دی. تێکەڵکردنی واقیع و خەونە" (بێکەس،٢٠٠٦: ٢٢٠)، جگەلەمەش دەڵێت:

ئەگەر شیعر وەک ڕەشەبای سلێمانی تیژ هەڵنەکا.. شیعر نییە.

شیعر نەبێ بە "دابان" و بە "زینانە".. شیعر نییە.

شیعر نەبێ بە ئار.بی.جی و بەمەفرەزەی حەرف و وشەو

نەچێتە سەر مۆڵگەکانی جاشی قەڵەم و

سەر ڕەبایەی شیعری سوڵتان.. شیعر نییە.................. بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٢، سوید،ل٤٤٦

کەواتە شیعر لای شاعیر دەبێت ڕەنگدانەوەو جێکەوت بەجێبهێڵێت، هەروەها کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەکاتی پێویستدا هەبێت، جگەلەمەش شیعر بریتییە لە هەمووشتێک، بەو مانایەی شیعر جیهانێکی بێ سنورەو هەمو شتێک دەخرێتە ژێر ڕکێفی شیعرەوە، چونکە شیعر کارکردنە لەناو زماندا، هەر لەبەرئەمەشە شێرکۆ پێیوایە جیهانی شیعر جیهانێکی هەمەلایەنی فرەڕەنگەو لەکۆی ئەمانە جیهانی شیعر بەرهەمدێت، بۆیە شاعیر دەڵێت "یەکێک لە تایبەتمەندی ئەزمونی من ئەوەیە، کە لەیەک شوێنی شیعردا نەمێنمەوە، چونکە شیعر بە وێستگەیەک نازانم، ئەمە، کورتە شیعرە، شیعری درێژە، چیرۆکە شیعرە، شانۆ شیعرە، مەلحەمەشیعرە، دوا هەوڵم بۆ(قەسیدە)ڕۆمان بو، ئەمەش جۆرێک لە ئەفراندنی داوە بەشیعرەکانم"(ڕەئوف،٢٠٠٩: ١٣)، بۆ ئەم مەبەستەش من پێموایە شتێک نییە بکەوێتە دەرەوەی شیعر، یان نەکرێتە شیعر، یان قەدەغەبێت و بێتە ناو ئەم دنیایەوە، وەک چۆن وشەی قەدەغە نییە، بابەتیش هەروا، جا ئیتر بابەتەکە سروشتە، جیهانی خودو ڕۆحە.....تاد ئەوەی جەوهەریە، هەر بەشیعرکردنی ئەو بابەتەیە) (بێکەس،٢٠٠٢: ٥) هەمو ئەمانەش هێزی زمان نیشاندەدات، بۆیە دەڵێت"شیعر کارکردنە لەناو زماندا" (بێکەس،٢٠٠٦: ٢٥٨) وەک دەڵێت"

لەم مێژووە دڕندەیەدا

شیعر چییە؟

جگە لە پەپولەیەک و

جگە لە کارکولەیەک و

جگە لە بزەی ساوایەک

لە لانکەدا!............ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٨، سوید،ل٤٥٩

## ٣-٧- شیعر سەنعەت و بەهرەو سەلیقەیە:

شیعر لای نوسەرو ڕەخنەگرە عەرەبە کۆنەکان بەپیشەکراوە، ئەم بە پیشەبونەش لەسەر بنەمای توانستی شاعیرو تایبەتمەندی شیعریی دانراوە، هەربۆیە جاحظ پێیوایە "شیعر پیشەو نەسجەو ڕەگەزێکی وێنەییە"( الجاحظ، ١٩٣٨: ١٣٢)، هەروەها ابن طباطبا لە باسکردنی بونیادی قەسیدەدا بابەتێکی بە ناوت (پیشەی شیعر) نوسیوە"(ابن طباطبا،١٩٨٢: ١٧) بەوەی شیعر پیشەیەو لەئەنجامی ڕاهاتن و بەردەوامبون لەسەری دێتەدی، ابن سلامەی جەمحی دەڵێت"شیعر پیشەیە" (جمحی، ٢٠٠١: ٥) هەروەها قدامەش دەڵێت" شیعر پیشەیەکە لەپیشەکان"(قدامة،١٩٥٨ :١٣)، شێخ نوری شێخ ساڵح " لە ژمارە (٢٠)ی ڕۆژنامەی ژیان لە (١٠/٦/ ١٩٢٦) لەژێر ناوی (صەنعەتوصنایعی نەفیسە چییە؟) بڵاوکردۆتەوە، لەسەرەتای دەستپێکردنی بابەتەکەیدا نوسەر دەڵێت: (ام ایظاحاتەی ئێمە لەنقات مختلفەوە بۆ ئەم سوالە جواب ئەداتەوە)، لێرەشەوە ئەوە دەخاتەڕو کە (صنایع نفسیە چییە؟) (ڕەئوف، ٢٠٠٨، ٦٨)" هەر لەبەرئەمەشە شێرکۆ دەڵێت "لەنوسینی ئەم جۆرە دەقانەدا (سنعەتیش) هەیەو وەک سەرئەنجامیش ئێمە ئەدەبمان ئەوێ" (بێکەس،٢٠٠٢: ٦)، وەک دەڵێت:

من بڕوام بەو باڵندانە نییە

کە ئامانجیان بە تەنها فڕینە

هەر لە پێناوی فڕیندا!

ئەو شەوەی مانگەشەو سور دیارە

لەشوێنێک عاشقێ کوژراوە.

ئەگەر مۆسیقا نەبوایە

شیعر هەرگیز باڵی لێنەئەڕوا!..........بێکەس. شێرکۆ (٢٠٠٧) حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، سلێمانی،ل٩٢

کەواتە شیعر لەگەڵ ئەوەی پیشەیە، بەڵام بەپیشەبونی پەیوەستە بەرادەی کارامەییو شارەزایی شاعیرەوە، چونکە شیعر هەڵوێست و پەیامە، ئەمەش بەرپرسیارەیەتە، هەروەها شیعر بریتییە لەمۆسیقا، ئەو مۆسیقایەی کە تەواوی وەتەرەکانی جەستەو ڕۆح دەهەژێنێت، بۆیە شیعر بە دیوێک لە دیوەکان مۆسیقایە، جگە لەمەش تەواوی ئەو وێناو خەیاڵانەی کە لە جیهانی مناڵیی لێیان دەڕوانێت، لەشیعردا بەجەستەدەبن، وەک دەڵێت:

ئەو وشانەی بەمنداڵیی

"تا" یان لێدێت و بەردەوام

شەوانە وڕێنە ئەکەن

کە گەورەبون ئەبنە شیعر!.......... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٦)، لەگوڵەوە تا سوتو، سلێمانی،ل٨٠

سەبارەت بەوەی شیعر بریتییە لە بەهرەو سەلیقەیە، لەم بارەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت"شیعر بەر لە هەمو شتێ بەهرەو سەلیقەیە، بەهرەش پەروەردەئەکرێ. ئەزمونیش ئەو پەروەردەبونە قاڵئەکات"(عومەر،٢٠٠١: ١٠) یاخود دەڵێت "هیچ

ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەیەکیش نییە بتوانێ بەهرەی شاعیرێتی و شاعیری ڕاستەقینە دروست بکا، بەڵام ئەتوانن لە ڕێنوماییکردندا ڕێگەی گەشەکردنیان بۆ خۆشبکەن، بەفەرمانی هیچ ڕژێم و یاساو حزبێکیش شاعیری ڕەسەن و ڕاستەقینە، شاعیری دانەتاشراو، پەیدانابێ. ئەگەر پێچەوانەی ئەم بۆچونە ڕاست بوایە، ئەوا هەمو ڕژێم و حیزبێک، ڕۆژی دەیان شاعیریان وەک جوجکی مەکینە هەڵئەهێنا! "(عومەر،٢٠٠١: ١٠)" هەربۆیە شاعیر دەڵێت هەموو شتێک دەتوانێت ببێت بە شیعر، چونکە هەمویان هەم جوانی دەنەخشینن، هەم پەیام و وێنا، وەک دەڵێت:

بە تەواوی من نازانم

شیعر چییەو یان ماڵەکەی لەکوێدایە؟!

ئەو ئەشێ بزەی ساوابێ و

ماڵەکەشیی لە جۆلانەو لانکەدا بێ!

ئەو ئەشێ دەنکە زیخێ بێ و

ماڵەکەیشی لەناوبنی زەریادا بێ

ئەشێ و ئەشێ و ئەشێ.............. بێکەس. شێرکو (٢٠٠٦)، لەگوڵەوە تا سوتو، سلێمانی،ل٨٧

یان

هۆنراوەکانم پەپولەن

بەشوێن وشەی دڵا ئەفڕن

گەرا، لەناو گیانا ئەخەن

لە دەرونا، وچان ئەگرن............. بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی١، سوید،ل١٣

## ٣-٨- شیعر ئازادی و یاخیبوونە:

لەشیعری نوێداو لەڕوانگەی خودی پەیامی شیعرەوە، یەکێک لە خەسڵەتە جوان و بەهێزەکانی شیعر، ئازادی و لەهەمانکاتیشدا یاخیبوونە، چونکە لەم ڕونگەوە دەتونێت شیعریەتی خۆی بسەلمێنێت، شێرکۆ بێکەس دەڵێت "شیعر ئاسمانە، نەک ژورێکی کلۆمدراو..! شیعر مەلێکی ئازادە نەک مەلێکی ناو قەفەز، شیعر ئادەمیزادە نەک پەیکەر.. شیعر ئەبێ پرشنگ بێ با هەمویشمان وەکو یەک لە پرشنگ نەگەین، شیعر ئەبێ یاخیبون بێ با هەمویشمان وەکو یەک یاخینەبین"(عومەر،٢٠٠١: ٣٢٤)، وەک دەڵێت:

کاتێ پۆلیسەکان ویستیان

کەلەپچەیان بکەنە دەست

جۆگەکان باڵیان لێ ڕواو

ئەمجارەیان:

بوون بە: هەڵبەست.......... بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی١، سوید،ل٤٨٦

یاخود دەڵێت:

من شیعرم کرد بە خڕکەبەردی سەنگەرێ

تا مردنێ بگێڕمەوەو مانگ نەکوژرێ.

ڕێگا نەبو..

من شیعرم کرد بە خڕکەبەردی سەنگەرێ

کە لەوێوە ئازادییشم

تەقە لە مردن بکات و

سەری تاریکی هەڵگرێ!

ڕێگا نەبو........ بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی٤، سوید،ل٣٧٩

سەبارەت بە شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس، بەپێی ئەو دەقە شیعرییان کراونەتە نمونە لەو توێژینەوەیەدا، هەوڵیداوە ئەو پێوەرانەی ڕابردو وەلا بنێت، نەک هەڵبەست بە (لاساییکردنەوە، یان کێش،.....تاد) ببەستێتەوە، بەڵکو شیعر بریتییە لە خوێندنەوەی شاعیر بۆ دەوروبەر، واقیع لای شێرکۆ بریتییە لە شتە دەرەکییەکانی دەوروبەر، بەڵام واقیعی شیعریی بریتییە لە خودی مرۆڤ بە هەمو خەون و خولیاکانیەوە، چونکە ئەم دوانە جیهانی شیعریی پێکدەهێنن، نەک واقیعەکە، بەو پێیەی شیعر لای شێرکۆ خستنەڕوی بیرۆکە نییە، ئەوەندەی باسکردنە لە ئەزمون، چونکە مەبەستیەتی ڕوانینەکانی بۆ ژیان بخاتەڕو، بۆیە بەردەوام شیعرەکانی ڕەنگدانەوەی ئەزمونن، ئەزمونێک کە تێکەڵە بە ڕۆشنبیری و موعانات، بەمانایەکی تر دەیەوێت پەیامی ئەمانە بەشێوازێکی تر بخاتەڕو، لەپێناو ناساندنیان، بۆیە لای شێرکۆ چەمکی شیعر بریتییە لە پەیوەندی مرۆڤ بەمرۆڤەوە، یان پەیوەندی مرۆڤ بەبوونەوە، بۆیە بەردەوام پرسیاری ناو شیعرەکانی، یان ئامانج لە پەیامی شیعرەکان لەم بازنەیەدا دەخولێنەوەو بەدوای وەڵامی ئەمانەدا دەگەڕێت، بەمانایەکی تر مرۆڤ لە شیعری شێرکۆدا بابەتی سەرەکی و یەکەمە لەئەزمونی شیعریی شاعردا، جگە لەمەش شیعر خاوەن سروشتێکی تایبەتە، دەبێت جیاوازی لەنێوان ڕاسگۆیی هونەری و ڕاستگۆیی واقیعی لای شێرکۆ بکەین، بەو مانایەی کارکردن لەسەر دەق، کارکردنە لەسەر هونەرو شیعرو لێرەوە لەسەر دەق و پەیامەکەی دەدوێن، لێرەوە پێوەرەکانی دەق و لێکدانەوەی، جیاوازە لە پێوەرەکانی کۆمەڵگە، هەر لەبەرئەمەش شیعر وتەیەکە کە نە لۆژیک دیاریدەکات، نە ملکەچی یاسا دەبێت، بەڵکو بریتییە لە گوزارشت، هەر لەم سۆنگەوەشەوە ڕوانینی شێرکۆ بێکەس بۆ شیعر زۆر جیاوازە.

## ٤- ئەنجام:

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەگەینە ئەوەی کە:

١-شیعر بریتییە لە بون و جەستەو خودی شێرکۆ، بەمانایەکی تر شیعر بریتییە لە بونییەت و خواستەکانی شێرکۆ وەک کۆی مرۆڤایەتی.

٢-شیعر دەروازەیەکە بۆ ناسینی ئازارەکانی مرۆڤایەتی لای شاعیر، یان هۆکارێکە لە چەک و هێزی بەرەنگاربونەوەی بەرامبەردا.

٣-شیعر ژیانە بە هەمو خۆشی و ئازارەکانییەوە.

٤-شیعر بریتییە لە عیشق و جوانییەکانی ژیان.

٥-شیعر بریتییە لە خەیاڵ و میتا زمانی شاعیر.

٦-شیعر بریتییە لەپرسیار، ئەو پرسیارەی کە نەکراوەو بەبەردەوامی دەکرێت.

٧-شیعر بریتییە لە ئازادی و لەم ڕێگەیەوە ئازار و ڕەنجی هاوولاتیان دەناسێنێت.

٨-شاعیر هەمو جوانییەکانی جیهان و مرۆڤایەتی و ڕوداو و گۆڕانکارییەکان لەشیعردا دەبینێتەوە، هەروەها هەر لە شیعریش دا دەیناسێنێت.

# The concept of poetry in the poems of Sherko Bekas

**Luqman Raouf Ali**

Administration Department, Kurdistan Technical Institute, Sulaymaniyah, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research works on the concept of poetry, so the concept and definition of poetry have been discussed in general according to different stages, but in particular the concept of poetry has been worked on and introduced by Sherko Bekas, and this introduction is the first text. Poems that talk about the concept and recognition of poetry in all the poet's divans have become the material of the study, in order to present the opinion and definition of poetry from the poet's point of view, along with bringing back the poet's view of poetry in the dialogues with him, later comparing them, for the purpose of uniting, or having differences in their opinions.

**Key words:** Poetry :Poet, Meaning, Evidence.

## سەرچاوەکان:


بێکەس. شێرکۆ (٢٠١١)ئێستا کچێک نیشتمانمە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ (٢٠١٣)خێراکە..مردن خەریکە بگات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(؟)دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 1، سوید

بێکەس. شێرکۆ(١٩٨٤) ڕووبار، لەبڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی علاء

بێکەس. شێرکۆ(١٩٩٨) خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێ، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٠) دەربەندی پەپولە، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٠) ژن و باران، چاپخانەی ژیار، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠١) ڕەنگدان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٢) پیاوێ لە دارسێو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٢)، چاپی دووەم، پرۆژەی کتێبی دانسقە (2)، چاپ و پەخشی نما، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٢) خۆم ئەو وەختەی باڵندەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٣)، پایزە میوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٤) گۆڕستانی چراکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٤)، ئێوە بەخۆشەویستیم ئەسپێرن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٥) کورسی، چاپ و بڵاوکردنەوەی نەوا، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٥) سرروودە بەردینەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٦)، لەگوڵەوە تا سوتوو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٧) حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٧) ملوانکە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 5، سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 7، سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩)، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 8، سوید،

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی تەون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،،سلێمانی

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس. بەرگی 3، سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 2، سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 4،سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠٠٩) دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی 6، سوید

بێکەس. شێرکۆ(٢٠١١) دیوانی ئەسپێک لە پەرەی گوڵاڵە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

ڕەئوف، د. لوقمان (٢٠١٥)،ڕەخنەی ئەدەبی،چاپخانەی دێکان،سلێمانی

ڕەئوف. لوقمان(٢٠٠٩)، بنەماکانی مۆدێرنە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

ڕەئوف. لوقمان (٢٠٠٨)، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ و سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، سلێمانی

ڕاهی. ڕەزا(٢٠٠٧)، دەربارەی شیعر و شاعیری، و: حەمەکەریم عارف، نووسەری کورد

عومەر. ئا:یاسین (٢٠٠١)، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

ادونس(٢٠٠٥)،زمن الشيعر، دار الساقي للطباعة والنشر، المملكة المتحدة

ادونيس(١٩٨٥)، الشيعريه العربية،دار الاداب،بيروت

بزون. احمد (١٩٩٦)، قصيده النثر، داالفكر الجديد، بيروت

بن جعفر، قدامة(١٩٥٨) نقد الشيعر، تحقيق: عيسى ميخائيل سابا. المطبعة البوليسية، لبنان.

بن على. زين الدين (٢٠٠٦)،الجزرى، غاية النهايةتى طبقات القرابه، بيروت

بن فارس. ابو حسين احمد (١٩٩٩)، الصاحبى فى فقه اللغه وسسن العرب فى كلامها، تحقيق: السيد احمد صقر، دار المعارف،القاهره

بورتنوي، جوليوس (١٩٧٤)، د ت:فواد زكريا،الفيلسوف و فن الموسيقى، قاهره

جاحظ(١٩٣٨)، كتاب الحيوان، تحقيق عبد السلام هارون، لا. ط، دار الجيل. بيروت

جمحى، ابن سلامه(٢٠٠١)، دار كتب العلميه،بيروت، لبنان

الجمحي، محمد بن سلام(٢٠٠٠)، طبقات فحول الشيعراء، ت:محمود شاكر، ط2، مطبعة المدنيّ، القاهرة

الربيعى. محمد (١٩٧٧)،فى نقد الشيعر،دارالمعارف،مصر

السامرائى. د.ابراهيم (٢٠٠٢)،البنييه اللغويه فى الشيعر العربى المعاصر، دار الشروق، عمان

الشايب، احمد(١٩٤٢)، اصول النقد الادبى،مكتبه النهضه المصريه، القاهره.

علاق. د.فاتح (٢٠٠٥)، مفهوم الشيعر عند رواد الشيعر العربى الحر، الاتحاد الكتاب العرب، دمشق

العلوى، محمد احمد ابن طبا طبا (١٩٨٢)،عيار الشيعر، دار لاكتب العلميه، بيروت

على. د.احمد يوسف (٢٠١٤)، مفهم الشيعر عند الشيعراء،مصر

فاضل. جيهاد (٢٠١٧)، قضيا الشيعر، القاهره

موسى. منيف (١٩٨٥)، فى الشيعر النقد، بيروت

نازک الملائكة(٢٠١٤)، قضايا الشيعر المعاصر،مكتبه النهظه

هاوزر. ارنولد (١٩٦٨)،الفن والمجتمع عبر التاريخ،ت:فواد زكريا،قاهره

هلال. محمد غنيمى(١٩٩٧)، النقد الادبى الحديث، دار نهضه مصر، القاهره

مهدى. على، د.عبدالصاحب (٢٠١١)، مفهوم الشيعر و لغته خصائص النص الشيعرى، مجلة جامع الشارقة، مجلة ٨، عدد ٣، اكتوبر.